

جاگ دریدا

# هەڵوەشاندنەوەگەری
# لەفەلسەفەوە بۆ رەخنەی ئەدەبی

مەمدوح ئەلشیخ
و: حسێن لەتیف

هەڵوەشاندنەوەگەری یەکێکە لەخێزانی زاراوە بەکارهێنراوەکان لەلێکۆڵینەوەی رەخنەی هاوچەرخدا وروژاندنی مایەی مشتومڕەو وەکو یەکێك لەچەمکە دژە میتافیزیکیەکان ناودەبرێت. گرنگیدان بەم زاراوەیەو چەشنەکانی لەبواری بیرکردنەوەی رەخنەی عەرەبیدا لەپاش ئەو هەولآنەوە دێت کە لەداهێنانی تیۆرێکی رەخنەیی عەرەبیدا شکستیان خوارد.

هەروەك ئەو بارودۆخەی لەزۆربەی بوارەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکان و کۆمەلآیەتییەکانی تردا وایە ئەو ناوکۆییە دەنوێنێت تیادا هزرەکان دروست دەبن و گەشە دەکەن و پرسی جیاوازی بەرەوپێش دەچێت لەنێوان ئەوانەی پێیانوایە دیاردەی مرۆیی بەگوێرەی یاسایەکی نەگۆڕ پێش دەکەوێت و ناکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو ناوکۆییە ژیارییەوە کە تیایدا دروست بووەو ئەوانەشی کە وای بۆ دەچن کردارو هزر رەنگدانەوەی جیهان بینییەکی ژیارییە بەپێویست-بەشێوەیەکی ئاشکرا یان شاراوە- وێناکردنەکان دەربارەی خودو ئەویترو گەردون و ئەودیوی گەردوون لەخۆدەگرێت. بەهەرحاڵ واقیعی لێکۆڵینەوەی رەخنەی عەرەبی سەرقاڵە بەقوتابخانە رەخنەییەکانی رۆژئاواوە لەدیاردەگەراییەوە بۆ بونیادگەرایی و هەڵوەشاندنەوەگەرای و..هتد.

نەخواسمە هۆکاری سەرقاڵی بوونە کە ترسێك بێت لەپاشکۆیی فەرهەنگی و ئابووری و رامیاریی و راگەیاندن بێت ئەوا ترسەکە رەوایەتیەك وەردەگرێت، یاخود هۆکارەکەی ئارەزووی دەستگرتن بێت بەشەمەندەفەرێکەوە دەبزوێت و لەگەشتەکەشیدا کۆمەڵێك وێستگە هەیە، بەرێوەبردنی جۆرێك لەدیالۆگی چاك دەربارەی هزرەکان و قوتابخانە

رەخنەییەكان كارێكی سودبەخش دەبێت. یەكەم رواڵەتی مشتومڕی هاوتای عەرەبی وشەی (DECONSTRUCTION)ی ئینگلیزی بوو، دكتۆر محەمەد عینانی بەكارهێنانی زاراوەی هەڵوەشاندنەوەگەری بەبەكاربردنێكی تەندروست دەزانێت، هەڵوەشاندنەوە سەرچاوەیەكی پیشەسازی لێدادەتاشرێت ئەویش هەڵوەشاندنی گرێدراوەكان و تەنانەت هەڵوەشاندنی گرێدراوە گریمانكراوەكانی نێوان زمان و دەرەوەی زمانیش دەگرێتەوە[1]، نووسەری كتێبی (ڕێنوێنی رەخنەی ئەدەبی) پێی وایە وەرگێڕانێكی بەوجۆرە لەچەمكی خاوەنی تیورەكە نزیك نابێتەوە، هەردووكیان پێیان وابوو زاراوەی تێكدان-التقوضیة- كە بەكاریان دەهێنا تووشی هەمان خەوشیتر دەبێتەوە، هەردووكیان وایان پەسەندە هیچ تیۆرێك بەو جۆرە نییە كە رەخنەگرانی عەرەب بۆی دەچن -بونیادنان پاش تێكدان- خاوەنی تیۆرەكە هزری میتافیزیكای رۆژئاوا بەكۆشكێك یان تەلارێك كە پێویستە تێك بدرێت، لەگەڵ چەمكەكەدا نكوڵی لەدووبارە بونیادنانەوە دەكات، هەموو هەوڵێك بۆ دووبارە بونیادنانەوە جیاواز نییە لەو هزرەی پێویستە تێك بدرێت. ئەوەش هزری ئامانجدارە[2].

هەڵوەشاندنەوەگەری: تێكدان لەسەردەستی فەیلەسوفی فەرەنسی جاك دریدا لەسێ كتێبدا دەركەوت كە لەساڵی 1963دا بڵاویكردنەوە[3]، دریدا تیۆرەكەی خۆی بەڕەخنەگرتن لەهزری بوونیادگەری دەست پێكرد كە ئەو سەردەمە هزری باوبوو، نكوڵی لەتوانامان دەكرد كە بتوانین بەڕێگەیەكی سوننەتی بگەین بەچارەسەركردنی كێشەی هەواڵەكردن، یاخود لەتوانای گۆكردن لەهەواڵەكردنی ئێمە بۆ شتێك لەدەرەوەی خۆی. ئەو نكوڵی لەوە دەكات كە زمان (ماڵی بوون) بێت واتە بەوەش گرنگی دەدات بەتوانای گرتنی كەلێن لەنێوان رۆشنبیرییەك كە مرۆڤ خوڵقاندویەتی و سروشتێك كە خودا خوڵقاندویەتی. ئەو هەوڵەی فەیلەسوفەكانی رۆژئاوا دایان بۆ چەسپاندنی میتۆد گەلێك لەسەر بەڵگە نەویستی یاخود هەندێك راستی بەڵگە نەویست لەدەرەوەی زمان هیچ نەبوو جگە لەكۆمەڵێك هەوڵ كە لەسەری نووسرابوو شكست. دریدا بەردەوامی ئەو جۆرە رێگایە بەبێهودە وەسف دەكات بەردەوامی نابێت لەدواوەو سۆزە بۆ رابردوو لەیەقینێكی ساختەوە[4].

هزری رۆژئاوا بەوتراوگەلێك گوزارشتی لێكردووەكەوە كە هیچ تەوقێك لەهزری پرەنسیپی سینترالی: وەكو بوون، چییەتی، جەوهەر، راستی، فۆرم، ناوەرۆك، ئامانج، هۆش، مرۆڤ، خواوەند[5].

سەرەڕای ئەو تایبەتمەندییانەی تیۆرەكەی پێ



فریدنان دی سۆسێر

وەسف دەكرێت دریدا سورە لەسەر ئەوەی پرۆژەكەی هیچ پەیوەندی بەنەهلەستییەوە نییە، بەڵكو وای دەبینێتەوە خوێندنەوەی خۆی هەڵوەشاندنەوە تێكدان خوێندنەوەیەكی دووسەرەو هەوڵی لێكۆڵینەوەیەكی سوننەتیانەی تێكست دەدات، یەكەم بۆ ئەوەی مانا ئاشكراكانی بچەسپێنێت پاشان هەوڵی تێكدانی ئەو مانایانە دەدات كە پێی گەیشتووە، لەخوێندنەوەی پێچەوانەدا پشت بەو مانا دژیەكانە دەبەستێت كە دەق سەرچاوەی لێوە دەگرێت لەگەڵ ئەوەدا كە رایدەگەیەنێت ئامانجی دۆزینەوەی بەرزییەكە لەنێوان ئەوەی كە دەق دەیشارێتەوەو ئەوەی ئاشكرای دەكات، بەو جۆرە خوێندنەوەی هەڵوەشاندنەوەگەری: تێكدان لەفەلسەفەی میتافیزیكادا باوبووە، دریدا وای دەبینێت هزری رۆژئاوا لەسەر كۆمەڵێك دوالیزمی ناكۆكو دژ دروست بووە وەكو: ژیری–سۆز، جەستە–گیان، خود–ئەویتر، زارەكی–نووسین، پیاو–ژن[6].

هەڵوەشاندنەوەگەری: تێكدان وەك میتۆدی رەخنەیی.

لەهەموو خوێندنەوەكانیدا دریدا هەڵدەستێت بەدروستكردنی كۆمەڵە زاراوەیەك لەو شتانەی كە بۆ لێكۆڵینەوە ئامادەن، لەمیانەی ئەم زاراوانەو چۆنیەتی ئیشكردنیان لەدەقێكی لێكۆڵراوەدا نەبێت ناتوانین لەتیۆرەكە تێبگەین، هەمووشیان خۆیان نادەن بەدەست بوونەوە مەگەر لەئەنجامی كارلێكردنی خۆیەوە نەبیت لەناو دەقەكەدا، لەگرنگترین ئەو زاراوانەی كە دریدا دروستی كردوون ئەمانەن:

بلاوبوونەوەیان پەرشبوون difference.

جێكەوت trace.

جیاوازی: دواخستن defferance.

دریدا بەم زاراوانەی كە لەمادەیەكی ئامادە بۆ لێكۆڵینەوە دایان دەتاشێت دەڵێت "ژێرخان")[7].

جێكەوت trace دریدا جامی خۆی بەسەر ئەوەدا رشت كە بوونیادگەراكان پێشەنگیان دەكرد، ئەو چاوی بڕیوەتە دوای میتۆدێكی زانستیو زانستیش لەگۆشەنیگای ئەودا وەك نموونەی ئاینو فەلسەفەی میتافیزیك وەهایە سیستمی خۆی لەسەر ئەوە بوونیاد دەنێت كە خۆی پێی دەڵێت (ئامادە) واتای خۆدانەدەست سیستمێكە لەدەرەوەی زمانو پاساو بۆ هەواڵەكردنی راستی گەلێك یان راستییەك دەهێنێتەوە. بیانووی خۆی بەم شێوەیە سادە دەكاتەوە (فەلسەفەی رۆژئاوا لەسەردەمی ئەفلاتونەوە لەهەوڵی پێشكەشكردن یاخود گریمانی شتێكدایە كە پێی دەوترێت حەقیقەت یاخود حەقیقەتی باڵای تایبەتمەند) یاخود (بەمەدلولی ترانسندنتال) ناودەبرێت یان هەر واتایەكی باڵاتر بێت یان سنوری هەستەكانو موفرەداتە دیاریكراوەكانی ژیان تێپەڕێنێتو دەشێت لەدیدی ئەوداو لەمیانەی كۆمەڵێك پێگەی میتافیزیكییەوە درك بەوە بكرێت كە سەنتەری دەرچوونەكان لەهەموو میتۆدە فەلسەفیەكاندا داگیر دەكات، وەكو: وێنە، پرەنسیپی یەكەم، هەمیشە، ئامانج، ترس، خودا، دەشێت زمان دواین پاڵێوراوبێت بۆ چوونەناو ئەو كلێشەیەوە[8].

چەمكی (جێكەوت) لەهەڵوەشاندنەوەگەری: تێكداندا پەیوەستە بەچەمكی ئامادەی خودەوەو دریدا لەجێكەوتدا وای دەبینێتەوە شتێك هەیە چەمكی میتافیزیك بوو جێكەوتو ئامادە دەسڕێتەوە[9]. ئامانجی دریدا هەڵوەشاندنەوەی فەلسەفەو هەڵوەشاندنەوەی ئاگاداربونەكانیەتی بۆ پەیبردنی ئامادەبوون لەڕێگایەكەوە كە هەوڵی چەسپاندنی ئەوە دەدات كاری زمان خۆی دەگۆڕێت بەبێ گەیشتن بەهەموو ئەو ئامانجانە. لەبەرانبەر

سەرنج خستنە سەر دوانەی دال و مەدلوول (گۆو واتا) لای سۆسێر دریدا پێشینەیی مەدلوول بەسەر دال دا رەتدەکاتەوە، چونکە دیدی سۆسێر واتە بوونی چەمك گەلێکی (ئامادە) لەدەرەوەی گۆکراوەکان[10].

**جیاوازیو دواخستن** Defferance

ئەم زاراوەیە مایەی کێشەیەکە لەوەرگێڕاندا بەهۆی لێتێکچوونێکی حەتمییەوە کە پێوەی پەیوەستە[11]. هەندێکی‌تر بە(جیاوازی–خستن) وەریدەگێڕن، بەڵام دکتۆر عەبدولوەهاب ئەلمەسیری وەرگێڕانی ئەو وشە دەکات بە(جیاوازی–خستن) ئەو وشەیە لەهەردوو وشەی (جیاوازی)و (دواخستن) لەسەر شێوەی وشەی (ladeffrancce) دروست دەکات کە دریدا لەوشەیەکی فەرەنسی (differ) دروستی دەکات کە واتای دواخستن‌و وشەی (difference) کە واتای جیاوازی دەگەیەنێت لە(شوێن)داو دواخستن لە(کات)دا هەڵدەگرێت. لەدیدگای دریداوە مانا لەمیانەی نێوان جیاوازی دالەکانەوە دروست دەبێت. هەموو دالێك جیاوازە لەدالەکانی ترو لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندی لەنێوانیاندا هەر هەیە. هەموو دالێك مانای خۆی لەتۆڕێك پەیوەندی لەگەڵ دالەکانی تردا دیاری دەکات. بەڵام هەموو دالێك بەشێوەیەکی تەواو لەچرکەیەکدا بوونی نییە (سەرەڕای ئامادەبوونی هەمیشە بزرە) بەو شێوەیە (جیاواز– خستن – الاختر جلاف) پێچەوانەی ئامادەبوون‌و بزربوونە بەڵکو لەپیشەوەیانە[13].

**بلاوبوونەوە یان پەرشبوون** DEFFERENCE

ئەو زاراوەیە بنەچەکەی وشەی (DISSEMINATION)ی ئینگلیزییە، وەرگێڕانی ئەم وشەیە دواین بابەتی جیاوازی نێوان رەخنەگرانی عەرەبە، ئەلرویلی‌و بازعی بە(بلاوبوونەوەو پەرشبوون) وەریدەگێڕن، هەرچی ئەلمەسیرییە (پەخشبوونی واتا) بەکاردەهێنێت، دریدا ئەم وشەیە لەبریتی وشەی دەلالەت لەکردەی (DISSEMINAT) بەکاردەهێنێت بەمانای پەخشکردن یان بلاوبوونەوەی تۆوە، وشەکە چەند واتایەکی هەیە لەهەموویان گرنگتر ئەوەیە: واتای تێکست پەرش‌وبلاوە تیایدا وەکو تۆو بەهەموو ئاراستەیەکدا بلاودەبێتەوە وەرناگیرێت، یەکێك لەواتاکانی تریش: بلاوبوونەوەی واتا گەمەی ئازادو بێکۆتایی ژمارەیەکی زۆر لەدالەکان، وشە مانا وەردەگرێت‌و هەروەك چۆن دەلالەتی خۆی هەیە بەبێ ئەوەی جێکەوت لەسەر دەلالەتێکی‌تر بەجێبهێڵێت[14]. زاراوەی پەخشکردن لەلای دریدا واتای رەهەندێکی تایبەت لەخۆدەگرێت، ئەو سەرنجی لەسەر زێدە واتایی‌و هەڵوەشاندنەوەیەتی ئەوەش نیشانەیەکە بەکارهێنانی زمانی پێ وەسف دەکرێت[15].

**لەنێوان فەلسەفەو ئەدەبدا**

کاریگەری فەلسەفەی دریدا لەرەخنەی ئەدەبیدا دەرنەکەوت تەنها لەنووسینەکانی رەخنەگرەکانی زانکۆی ییل‌و بەتایبەت پۆل دی مان نەبێت، ئەو پەیوەندی نێوان ئەدەب‌و فەلسەفە وا وێنا دەکات بەوتەی خۆی (ئەدەب بووە بەبابەتێکی بنەڕەتی فەلسەفەو نموونەی جۆرە راستی گەلێك یاخود (راستییەك) کە فەلسەفە ئامانجی پێگەیشتنیانە) ئەوەش واتای ئەوە دەگەیەنێت ئەدەب خوێنەر ناخاتە واقیعێکی حەقیقی لەدەرەوەی زمان ئەوەش پێناسەیەکی خەیاڵییە، مێژووی فەلسەفە لەتێڕوانینی پۆل دی ماندا سەفەرێکی درێژە لەجیهانی هەواڵەکردندا، بۆ ناوەرۆکێکی دوورتر لەهۆشیاری دەربارەی خۆی، یاخود فەلسەفە شێوازەکانی خۆی لەسەرچاوە رەوانبێژییەکانەوە یان لەزانستی رەوانبێژی خۆیەوە سەرچاوە دەگرێت. لێرەدا دی مان پشت بەوتەیەکی دریدا دەبەستێت کە

دەڵێ ئەدەب دەکرێت وەکو بزووتنەوەی هەڵوەشاندنەوەی خودیانەی دەق لەبەرچاو بگیرێت، مانایەکمان پێشکەش دەکات و لەهەمان کاتدا تێکی دەدات، ئەدەب لەبەرجەستەکردنی پرنسیپی جیاوازییەوە نزیکترە. ئەو لەیەك کاتدا هەماهەنگە بەوەزیفەی دەلالەت و سەربەستی جووڵەی وشەکان لەمیانەی وزە خوازراوەکان و رەگەکانی مەجازو خەیاڵ بەبێ کۆبوونەوە لەنێوان ناکۆکییەکاندا هەرگیز ناگات بەیەکبوون(16).

گرنگترین تێبینی لێرەدا ئەوەیە کە ئەدەب تێکستێکی بەیەکداچووە بەسەریەکدا دەکرێنەوە تێکستێك لەتێپەڕاندنی خۆیدا سنورێك نابینێتەوە لەبریی تێڕوانینێکی باوە لەسەر دەقێکی سەربەخۆ، یان کتێبێکی داخراوو ناکۆك بەپێناسەی ئەدەب کە رەخنەی نوێ پێی وایە کارێکە چێژ لەیەکەی ئەندامی وەردەگرێت.

هەروەها ئەو تیۆرە پشت بەوە دەبەستێت کە پێی دەوترێت (ئەزموونی خوێنەر) یان ئەزمونی خوێندنەوە بۆ دەق، سەرئەنجام دەگات بەچاکسازییەك لەنێوان واتاکان و یەکخستنی هێزە ململانێکەرەکان و هەواڵەکردنی دەق و خوێنەر بۆ جیهانی دەرەکی، پاشان هەڵوەشاندنەوە گەراکان دەڵێن و–قسەی جیفری هارتمان–یش هەروایە: حەقیقەتی شیعری ژیانی خۆی لەڕوانینی رەخنەی نوێ لەجیهانی دەرەوە بەدەست دەهێنێت بەو پێییە راستییەکە لەسەرووی واقیعی زمانەوانی یان ترانسندنتالییەوەیە(17).

هەڵوەشاندنەوە گەراکان پێیان وایە جوانی یەکەمی ئەدەب دەگەڕێتەوە بۆ درۆ یان بۆ خەیاڵ، بەڵام شیعر کەیف سازە بەسەربەستی خۆی لەهەواڵەکردنداو دەزانێت ئەفراندنەکانی بنەمای خەیاڵ ئامێزیان هەیە. هەر لەبەر ئەوەشە شیعر بەدەست ئەو کێشەوە گرفتار نییە کە دەقەکانی تری گرفتار کردووە، لەکێشەی هەواڵەکردن بۆ دەرەوە دەق. یەکێك لەڕاڤەکارانی تیۆرەکە فینون جیراس ئەوە کورت دەکاتەوەو دەڵێت: (لەسایەی هەڵوەشاندنەوە–تێکدان بایەخی ئەدەب دەگەڕێتەوە بۆ توانای خۆی لەفراوانکردنی سنورەکانیدا ئەوەش بەتێکدانی ئەو لاڕێیانەی کە پێی ناسراوە، پاشان دەمامك لەسەر سروشتی مێژوویی تێپەڕیووی خۆی لادەبات، تێکستی مەزنی ئەدەبی هەمیشە هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی مانا دیارەکانی خۆی دەدات، لەمیانەی ئەوەی پێشکەشی دەکات و یاخییە لەیەکلاییکردنەوەیدا ئەگەرچی نووسەرەکەی ئاگادار بێت یان نا. لەمیانەی پێشکەشکردنی ئەوەو کە یەکالاکردنەوەی کارێکی سانا نییە، ئەدەب بەهێزترین هونەری وتنە لەپرۆسەی زمانەوانیدا کە مرۆڤ بەهۆیەوە دەتوانێت پەی بەجیهانی کاتی خۆی ببات ئەوەش پەی بردنێکە هەرگیز ناکرێت بکرێت بەکۆتایی(18).

**هیچ لەدەرەوەی دەقدا نییە**

ئەم دەستەواژەیە لەبنەڕەتدا یەکێك لەگرنگترین زاراوە بنەڕەتییەکانی تیۆری هەڵوەشاندنەوە–تێکدان پێك دەهێنێت دریداش بەم جۆرە گوزارشتی لێدەکات: (هیچ لەدەرەوەی دەقدا نییە) ئەمەش مانای رەتکردنەوەی مێژووی باوی ئەدەبی لێکۆڵینەوەی دابەشکردنی سەردەمەکان و گرتنی سەرچاوەکانە، چونکە لەکاریگەرییە نازمانییەکان دەکۆڵێتەوەو رەخنەگر لەکاری جیاوازی زمانەوانی دوور دەخاتەوە. هەڵوەشاندنەوە گەراکان پێیان وایە شۆڕبوونەوە لەدەلالەتەکان و کارلێکردنەکانیان و جیاوازییە بەردەوامەکانیان هاوکێشەیەك بۆ نووسین سازدەکات، هەر سەردەمێك مافی خۆیەتی رابردوو راڤە بکاتەوەو ئەو راڤەکردنە پێشکەش بکات کە رێگای ئایندە وێنا دەکات، یان بڕیارە هەر لەلایەن گیریەکان تاکە رێگایەکە بۆ دانانی هەر مێژوویەکی

ئەدەبی بەواتا هەڵوەشاندنەوە خوازییەکە. جیفری هارتمان ئەم قەناعەتەی بەسەر بەرهەمەکانی لۆدزۆرتدا پراکتیك کردووە لەسنوری راڤەکردنەکانی بۆ شیعری لۆدزۆرتو نووسینی وتارگەلێك کە سروشیان لەدەقەوە وەرگرتووە بەبێ پەیوەست بوون بەهەماهەنگی پەنهانییەکانی زمانەوە، بەجۆرە جیاوازەکانیەوەو هەواڵەکردنی وتراوەکانو گوزارەکانو بۆ کارێکی جگە لەخۆی پاشان، گریمانەی دەق ئاوێزان رواڵەتێکە لەو لێهاتوویی و مایەی چاوتێبڕینی گەنجەکانو پیرەکان تێکدانی واتاکان پەسەند ناکەن کە بەدرێژایی دوو سەدەیە نەوەکان دەقیان پێوەگرتووە[19].

بەقسەی دکتۆر محەمەد عینانی میتۆدەکە لەسالأنی نەوەدەکاندا وەرچەرخانێکی سەیری بەخۆوە بینیوە پێی دەوترێت (بەکارهێنانی زاراوە بەبێ ناوەرۆك) رەخنەگرەکانی هەڵوەشاندنەوەخوازی گاڵتە بەوە دەکەن وەزیفەیەکی عەقلأنی یان مەعریفی هەبێتو هەموارکردنێکی سەیریان لەچەمکی نێوان زمانو واقیع یاخود حەقیقەت کرد، سەیری جووڵەی زمانیان لەدەرەوەی خۆیو لەڕێگای پێچەکانی دەقی ناوەکییەوە کرد وەکو ئارەزووی سێکسی لای فرۆید، یاخود مادیەتی مارکس یان ئەوەی نیتشە بەپەنابردن بۆ ویستی دەسەڵاتو هێز ناوی دەبات. لەناویاندا دەڵێت ئەم ئارەزووانە ناعەقلأنییە، بەشداری لەپرۆسەی دەلالات بەسەر واتادا دەکات زیاتر لەوەی بەشداری لەمەعریفەی عەقڵیدا بکات. دکتۆر عینانی لەوەسفکردنی ئەم رەوتانەدا دەڵێت: سود بەهەڵوەشاندنەوەگەری دەگەیەنێت بەبێ ئەوەی خۆی ببێت بە بەشێك لەئەو[20].

**رەخنەگرانی هەڵوەشاندنەوەخوازی-تێکدان**

لەنێو ئەو پەرچەکردارانەدا کە تیورەکە ورووژاندی رەخنەگرتنێکی زۆر بوو رەنگە گرنگترینیان لەدیدی میجان ئەلروەیلیو سەعد ئەلبازعییەوە سەرەڕای توانای تێکدان لەجولأندنی بەڵگە نەویستە میتافیزیکیە رۆژئاواییەکان بێت کە لەکۆتایدا دەگات بە(سەرسوڕمانێکی کوێرانە) دریدا پاش ئەوەی بەڵگە نەویستە میتافیزیکییەکان تێك دەدات هیچ ئەلتەرناتیڤێك پێشکەش ناکات بەڵکو دریدا خۆی وایدەبینێت ئەلتەرناتیڤ بەشەقڵە میتافیزیکیە نامەحاڵەکانی ناودەبرێت بۆیەش دریدا بەتێکدان وازدەهێنێت. ئەلروەیلیو ئەلبازعی هەروەها عەبدولوەهاب ئەلمەیسەری پێیان وایە هەڵوەشاندنەوەخوازی–تێکدان قەرزارباری مومارەسەی راڤەکردنی تەوراتی یەهودیو شێوازەکانیەتی. هەموو ئەوەی کە دریدا کردوویەتی گواستنەوەی مومارەسە تەئویلییەکانە بۆ تێکستی پیرۆزی یەهودیو پراکتیککردنی بەگوتاری فەلسەفی بۆ ئەوەی پایەکانی میتافیزیکی لاهوتی باو جێگای میتافیزیکی رۆژئاوا بگرێتەوە. بەلأم ئەلمەسیری هزرە سەرەکییەکانی لەتیۆری دریدا دەگەڕێنێتەوە بۆ سەرچاوە یەهودییەکەی. لەدەروازەی: جێکەوت، پەخشبوونی واتا، ئارەزوو، نووسینی گەورەو رەسەن، چەقبەستن لەدەوری لۆژیك، لەکەشکۆڵەکەی خۆیدا رەسەنایەتی هزری مێژوویی و ئەو کاریگەرییە روونە یەهودییە لەسەر دریداو هزری یەهودی لەتیۆرە رەخنەییەکەیدا دەخاتەڕوو[21].

هەرچی دکتۆر عەبدولعەزیز حەموودەیە لەکتێبی (ئاوێنە کورەکان)دا نموونەگەلێك لەو رەخنانەی ئاراستەی میتافیزیکای رۆژئاوا کراوە دەگوێزێتەوە بۆمان.

بۆ نموونە لەپێشەکی لێکۆڵینەوەکەیدا دەربارەی هەڵوەشاندنەوەگەری–تێکدان پێی وایە جۆرێکە لەتیۆری تێکستو شیکردنەوەو تاڕادەیەك هەموو شتێکی سوننەتی تێك دەداتو گومان لەهزرە بۆ ماوەییەکان لەپەیوەندی زمانو تێکستو شیکردنەوەو ناوکۆیی و نووسەرو خوێنەرو رۆڵی

مێژوو پرۆسەی راڤەکردن و فۆرمەکانی نووسینی رەخنەیی دەکات، لەم پرۆژەیەدا واقیع تێك دەشکێت بۆ ئەوەی شتێکی قێزەون دەربچێت[22].

بەڵام جۆن ئیلیس کە یەکێکە لەرەخنەگرانی هەڵوەشاندنەوە دەڵێت:

بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆی هەڵوەشاندنەوە- تێکدان پەنا بۆ ئامرازێك دەبات ئەویش: تەواو دارشتنی بابەتەکانە لەزاراوەی نوێ و نامۆداو وا دەکات هەڵوێستە مەئلووفەکان ببن بەنامەئلوف، پاشانیش لێکۆڵینەوە گەیشتووەکان ببنە بەنەگەیشتوو، هێرشکردنە سەر هەواڵەکردنی تیۆری واتا بەهێرشکردن بۆ سەر میتافیزیکای ئامادەبوو وەردەگێردرێت، سەرەرای ئەوەی هەردووکیان گوزارشت لەبۆچوونێکی ساویلکە دەکەن لەپەیوەندی نێوان وشەکان و شتەکاندا، بەڵام زاراوەکان دەبنە مایەی جیاوازی بابەتەکان.

**پەراوێزەکان:**

*وشەی جیاوازی خستن لەبریتی وشەی الاختر جلاف بەکارهێنراوە، وشە عەرەبییەکە لەبنەرەتدا لەوشەی (الاختلاف والارجاء)ەوە هاتووە.

*تێبینی ئەم بابەتە ژمارەیەکی بەرچاو سەرچاوەی بەکارهێناوە لەبەر زۆری سەرچاوەکان نەمانتوانی ناوی سەرچاوەکان بنووسینەوە، خوێنەر دەتوانێت بگەرێتەوە بۆ ئینتەرنێت بۆ منتدی الكتاب العربي.

*ئەم بابەتە لەساڵی 2000دا خەڵاتی (جائزة الشارقة للابداع العربي) وەرگرتووە. پاشان گۆڤاری (الطام)ی السعودیە لەژمارە (8)ی ساڵی 2000ی خۆیداو لەلاپەرە 47-58دا بڵاوی کردۆتەوە.